

# سپیکەرێکی وەستاو لە هەوادا

سپیکەرێك واتە بڵندگۆ لەم دواییەدا گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە دیوە، یەکێك لە سەرنج راکێشترین بڵندگۆکان، سپیکەری وەستاو واتە مۆڵەق لە هەوادایە، پێشووتریش نموونەی ئەم سپیکەرەمان باس کردووە، سپیکەری جۆری Vortex لە سیستەمی بلوتوس و سیستەمی NFC سوود وەردەگرێت و بەو ستاندە موگناتیسیەی هەیەتی دەتوانێ مۆبایل و تەبلێت شەحن بکاتەوە. وزەی موگناتیسی وای کردووە کە سپیکەرە شێوە گۆیەکە لە مەودایەکی کەم دوور لە پایەکە لە هەوادا بوەستێ. دەکرێت بەهۆی ئەو سپیکەرەوە هەشت کاتژمێر بەردەوام گوێ لە مۆسیقا بگری. لە خوارەوەی پایەکەدا چەند شوێنێکی USB و Micro USB هەیە.







# مۆبایلێک بۆ وێنەگرتنی سێلفی

گرتنی وێنەی رووبەڕوو کە لەم دواییەدا پێیدەگوترێت وێنەی سێلفی پەرەی سەندووە، ئامێری تایبەتی وەك گۆچانی تایبەت و ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەت بۆ گرتنی وێنەی سێلفی بەرهەم هاتووە، وێنەی سێلفی ئەوەیە کە خاوەنی مۆبایلەکە وێنەی خۆی بگرێت..

کۆمپانیای ئەلکاتێل یەکێك لە مۆبایلەکانی کە بەمدواییە بەناوی oneTouch flash٢ بەرهەمی هێناوە، ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە رامەکەی ٢ گیگابایتە، میمۆری ناوخۆی ١٦ گیگابایتە، ئەم تایبەتمەندییانەی زۆربەی مۆبایلە هۆشمەندەکان هەیانە، بەڵام تایبەتمەندییەکی دیکە کە لە مۆبایلەکانی دیکە جیای دەکاتەوە وێنەگرتنی سێلفیە، چونکە لەسەر کامێرای پێشەوەشی کە ٥ میگاپیکسلە فلاشی هەیە بە جوڵەی دەست فەرمانی وێنەگرتنی پێدەکرێت و لە تاریکی شەویشدا دەتوانی وێنەی سێلفی بگری. تایبەتمەندییەکانی دیکەی دوو سیم کارتە، لە تۆڕی خێرای ئینتەرنێت واتە LTE سوود وەردەرگرێ. کامێرای پشتەوەشی ١٣ میگاپیکسلە و فۆکۆسی ئۆتۆماتیکییە.

# ئایا دەزانن سیستـ

ئەمڕۆ سەردەمی گەیاندن و بەخشین و کۆکردنەوەی زانیارییەکانە، سەیری دەوروبەر بکەی چەندین ئامێر دەبینی کە زانیاری دەبەخشن و وەردەگرن وەك کۆمپیوتەر، تەبلێت، مۆبایل.. هەمووی ئەو ئامێرانەی ناومان هێنان دەتوانن زانیارییەکان لەخۆیاندا رابگرن، بەڵام زۆر جێگای دڵنیایی نین، چونکە زانیارییەکان زیاتر دەبن و کەڵەکە دەبن.. باشترین رێگا بۆ ئەمە دانانی سیستەمی (NAS)ە. کە کورتکراوەی network attached storageە، لە سیستەمی ناوبراودا گشت




# یەکێک لە باشترین ماوسەکانی گەیم بناسن

لە پیشەسازی گەیمی دیجیتالیدا، گشت سەختە ئامرازەکان لە پێشکەوتنێکی خێرادان، مۆنیتۆر و مەزەلبۆرد و ماوس و کارتی گرافیکی دەبێ زۆر بەهێز بن.. بەتایبەتی ماوسی گەیم دەبێ وەك کۆمپیوتەرێکی بچووك وابێت. کۆمپانیای mad catz نوێترین ماوسی گەیمی خۆی بەناوی prox rat واتە (جورجە مشك) خستەڕوو، پێکهاتە و رووکەشی ماوسەکە لە کانزای (مینزیم)ە سیستەمی دژی عارەقە کردنی تێدایە. دەتوانرێت لەو ماوسەدا ٩ پرۆفایل بۆ هەر گەیمێکی تایبەت تۆمار بکەی. بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنەر دەتوانێت هەتا ٩٠ فەرمان تێیدا خەزن بکات. ماوسەکە پارچە پارچە دەکرێت و هەر پارچەی ئەگەر تێکچوو دەکرێت بە جیا بیگۆڕیت.



# لە داهاتوودا هەموو ماڵێک پێویستی بەو ئامێرەیە

ئەو ئامێرەی دەیبینن پەمپ نییە بۆ هەوا لێدان، بگرە ئامێرێکە بۆ هۆشمەند کردنی ماڵەوە. ئامێری lvee پەیوەندی دەبێت بە هەموو قفڵ و کلۆنەکانی ماڵەوە، ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و کەش و هەوای ماڵ و تەنانەت دەکرێت بەهۆیەوە تەلەفۆن بۆ کەسێکی دیاریکراویش بکەی.. لەوانەش گرنگتر کاتێك بەکارهێنەرکەی نیازی هەیە گەشتێك بکات، چۆنییەتی قەرەباڵغ و ترافیکی ڕێگاکان رادەگەیەنێ، زانیاری لەبارەی کەش و هەوا یان هەر پرسیارێکی تر کە هەیە لێی بپرسی..

ئامێری lvee بەکارهێنەرەکەی دەتوانێ فەرمان دەنگییەکانی تێدا تۆمار بکات، واتە تەنیا بە دەنگ پێی رابگەیەنێ کە تەلەڤزیۆنەکە بکوژێنەوە، یان سپیلێتەکە پێبکە وەك ریمۆت کۆنترۆڵێ بەباشی ئەرکەکان ئەنجام دەدات، ئامێرەکە هەتا ئێستاش وەك بیرۆکەیە و بە فرەیی بەرهەم نەهاتووە، کۆمپانیاکانی ئەپل و فەیسبوك ئامادەییان راگەیاندووە بۆ سەرمایەگوزاری لەسەر ئەم ئامێرە...



## ـــەمی NAS چییە؟

ئامێرەکان پێکەوە بۆ نموونە لە شوێنێکدا کە چەندین کۆمپیوتەر هەبن پێکەوە دەبەسترێنەوە بەبێ هیچ وایەریەك یان تۆڕێك لەنێوانیاندا، تەنیا بە سیستەمی nas، کە پێکهاتوون لە ئامێرێك کە بەپێی کارایان قەبارەی جۆراوجۆریان هەیە. یەکێك لەو ئامێرانە ئامێری AS١٠٠٤Tیە کە بۆ ماڵ و کۆمپانیای بچووك گونجاوە، لەو سیستەمەدا بە خێرایی یەك گیگاهێرتز زانیارییەکان دەگوازرێنەوە، دەتوانێت لە ٤ هارددیسك واتە هەتا ٣٢ ترابایت سوود وەربگری.



## ئامێرێکی بچووکی هەمە کارە

زۆربەتان (چەقۆی سویسری)تان دیوە، ئەم چەقۆیەی کە چەندین کار ئەنجام دەدا، دەرنا فیز، کەوچك، چەتاڵ،... تادی پێوە لکاوە... لە سەردەمی دیجیتالیشدا ئامێر هەیە کە چەندین ئەرك ئەنجام دەدات بۆ نموونە ئامێری powerclip کە وەك مەداڵیایەك بە سویچ هەڵدەواسرێ، لەکاتی بزربونی سویچدا شوێنەکەی بە مۆبایل نیشان دەدات. ئەرکی مەدالیاکە هەر ئەوەندە نییە بگرە، فلاش میمۆرییە دەکرێ زانیاری و داتای تێدا خەزن بکرێت، گەر مۆبایلتان بزر بوو بەداگرتنی دوگمەیەك مۆبایلەکە دەست دەکات بە زەنگ لێدان، پاوەر بانکە و دەتوانرێت لەکاتی پێویستدا مۆبایلەکەی پێ شەحن بکرێتەوە. ئەگەر سویچەکەت لێکەوت دەستبەجێ رادەگەیەنێ، جگە لە هەمووی ئەوانە چرا لایتیشیە.




## چەند رێنماییەک بۆ ک

کاتژمێرە هۆشمەندەکان لەم چەند ساڵەدا لە جیهانی دیجیتالیدا جێگای خۆیان گرتووە، هەربۆیە کۆمپانیا مەزنەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی بە چڕی خەریکی بەرهەمهێنانی کاتژمێری سمارتن. کاتژمێرە سمارتەکان، توانای کۆنترۆڵ کردنی مۆبایل، بڵاوکردنەوەی مۆسیقی، کۆنترۆڵ کردنی دوگمەی وێنەکێشانی کامێراکان، فەرمانە دەنگییەکان، توانای بینینی پەیوەندییەکان و کورت پەیامەکان، رۆژ بە رۆژ تواناکانی کاتژمێرە سمارتەکان زیادتر دەبن. بۆ کڕینی کاتژمێرێکی سمارت پێویستە بزانی

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نازانم هۆکاری چییە کاتێك لە سەیارەدام بەبێ هیچ هۆکارێك مۆبایلەکەم گەرم دادێت، لەکاتێکدا ناو خودی سەیارەکە ئەوەندە گەرم نییە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

خوێنەری بەڕێز گەورەترین هۆکاری ئەوەی کە لەکاتی رۆیشتن بە سەیارە مۆبایل گەرم دادێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وای-فای مۆبایلەکە کراوەتەوە، ئەوکاتە کە وای-فای کرابێتەوە، هەر دەڕوا و تۆڕی نوێتر دەدزۆێتەوە جار هەیە لە یەك کاتدا زیاتر لە دە شەپۆلی وای-فای بۆ مۆبایلەکە دێن، ئەمەش وا دەکات مۆبایلەکە زۆر گەرم دابێت، لەکاتێکی وادا دەبێ وای-فای بکوژێنیەوە.



# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ هەڵگرتنەوەی فیلمی فێرکاری لە دیسکتۆپ

گەلێـــك پرۆگرام هەن كە ئەركیان ئەوەیە لە شاشـــەی كۆمپیوتـــەر فیلـــم هەڵبگرنـــەوە، یەكێك لـــە پرۆگرامە ســـەركەوتووەكان پرۆگرامـــی Iceceam screen recorder ە، پرۆگرامەكە بـــە كوالیتی زۆر بەرزەوە فیلـــم هەڵدەگرێتەوە، تواناكانـــی پرۆگرامەكە گەلێكن و زۆریش ئاســـانكاری تێدایە. توانای زیادكردنی دەنگ بە شێوەی راستەوخۆ یان بە جیای هەیە، لەگەڵ فۆرماتە جۆراوجۆرەكانی وێنە و فیلم بۆ خەزن كردنی بە ویستی بەكارهێنەری تێدایە، بۆ دروست كردنی فیلمی فێركاری و شێركردنی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان زۆر گونجاوە.



# ـــــــڕینی کاتژمێری سمارت

بۆ چ مەبەســـتێكتە. كێشەی ســـەرەكی كاتژمێرە سمارتەكان باترییەكەیانـــە كە زوو دادەبەزێت. ســـتایلی جوانیش رۆڵێكی گرنگ دەبینن لە سەرنج راكێشـــانی بەكارهێنەرانی كاتژمێرە ســـمارتەكان. ركابـــەری نێـــوان كۆمپانیاكانـــی وەك ئەپل، سامسۆنگ، ســـۆنی.. مۆتۆرلا بۆ بەرهەمهێنانی كاتژمێری ســـمارت بەردەوامە، گرنگترین رۆڵی كاتژمێرە سمارتەكان لە بواری تەندروســـتی و لەش جوانی و كەمكردنەوەی كێشدایە، چونكە بەهۆی ئەوانە دەزانرێ چەند هەنگاوت پێواوە، لێدانی دڵت چۆنە، چەندە كالۆریت سووتاندووە...



# سایتێک بۆ دابەزاندنی وێنەی ڤیکتۆر

ئەوانەی كاری دیزاین و نەخشەسازی لە گۆڤار و رۆژنامەكان دەكەن، دەزانن وێنەی ڤیكتۆر VICTOR چیە، ئەو وێنانەن كە بۆ جوانكردن و دیزاینی گۆڤار و رۆژنامەو هەروەها برۆشۆر و..تاد سوودیان لێدەبیندرێ. وێنەی ڤیكتۆر دەبێت هەم كوالیتیان لەسەرێ بێ و هەم كاری هونەرییان تێدا ببینرێ. سایت گەلێكی زۆر هەن كە ئەو وێنانە بە خۆڕایی یان بە پارە دەبەخشـــن. یەكێك لەم سایتانە سایتی HTTP://WWW.DESIGNERS-REVOLUTION.COM/SEARCH/LABEL/ILLUSTRATOR لەم ســـایتەدا بە هەزاران وێنەی ڤیكتۆر بەپێی ریزبەندی بۆ هەر بابەتێك داندراون. نەخشەسازان دەتوانن بەبێ بەرامبەر وێنەی مەبەستیان وەربگرن.